بسم الله الرحمن الرحيم

يەكێك لە تايبەتمەنديەكانى ئەم ئاينە پيرۆزە ئەوەيە كە چەندەها پەرستشى سووك و ئاسان هەيە كە خواى گەورە كردوويەتيە مايەى پاداشتى زۆر گەورە كە خاوەنەكەى زۆر بە ئاسانى ئەتوانێ خەڵاتى ( **بەهەشت** ) بە دەست بهێنێت ( بە مەرجێك يەكتا پەرست بێت ) كە سەد مەخابن زۆربەى موسڵمانان لێ ى بێ ئاگان و ئەم پەرستش و كردەوانەش هيچ كۆسپ و قورساييەك ناخاتە سەر پيشەى خاوەنەكەى ....بەڵكو ئەگەر فەرمانبەربيت يان كرێكار يان بازرگان يان دەسەڵاتدار يان ..... يان ..... هتد .

ئەوا ئەتوانێت رۆژانە ئەم كردەوانە بكاتە مەشخەڵى رێگاى خۆى

**جابۆ ئەوەى :** .

لە شنەى باى فێنكى بەهەشت بێ بەش نەبيت .

لە خورەى ئاوى سازگارى بەهەشت بێ بەش نەبيت .

لە سەوزايى و جوانى بەهەشت بێ بەش نەبيت .

لە بۆن و بەرامەتى بەهەشت بێ بەش نەبيت .

لە حەوانەوە و ئارامى بەهەشت بێ بەش نەبيت .

لە ديدارى خواى پەروەردگار بێ بەش نەبيت .

لە ژيانى پڕ خۆشى پەناى حۆريەكان بێ بەش نەبيت .

**فەرموو .... بەهەشت چاوەڕێتە ......**

١.قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ بَنى مَسْجداً للهِ بَنى اللهُ له بَيتاً في الجنة )) رواه مسلم .

واتە : هەر كەسێك لەبەر خاترى خوا مزگەوتێك دروست بكات ئەوا خواى گەورە لە بەهەشت دا خانوويەكى بۆ دروست ئەكات .

٢. ئەتەوێ لە بەهەشتدا هاوڕێى پێغەمبەر بيت (ﷺ) ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( أنا و كافل اليتيم في الجنة هكذا و أشار بالسبابة و الوسطى )) ( البخارى)واتە : من و بەخێوكەرى هەتيو لە بەهەشتدا بەيەكەوەين ئاماژەى كرد بۆ هەردوو پەنجەى



شايەتيمان و پەنجەى ناوەڕاستى . ( واتە زۆر نزيكن بەيەكەوە )

٣. ئەتەوێ گەنجينەيەك لە گەنجينەكانى بەهەشت وەربگريت ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( لا حول ولا قوة إلا باللهِ كنز من كنوز الجنة )) (متفق عليه )واتە : وتنى ( لا حول ولا قوة إلا باللهِ ) گەنجينەيەكە لە گەنجينەكانى بەهەشت .

٤. ئەتەوێ تەرازووى كردەوەكات قورس بێت ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( كلمتان حبيبتان الى الرحمن ، خفيفتان على اللسان ، ثقيلتان في الميزان (سبحانه الله وبحمده ، سبحانه الله العظيم ) ( رواه البخارى )واتە : دوو ووشە هەن خۆشەويستن لەلاى خوا ، وە سوكن لە سەر زمان ، وە قورسن لە تەرازووى چاكەكان ، ئەويش ووتنى ( سبحان الله وبحمده ، سبحان الله العظيم ) ە .

٥. ئەتەوێ خوا حەز بە ديدارت بكات ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ أَحبّ لقاءَ الله أَحبَّ أَحبَّ اللهُ لقاءَه )) ( رواه البخارى)واتە : هەر كەسێك ديدارى خواى پێ خۆش بێت ئەوا خوايش ديدارى ئەوى پێ خۆشە .

٦. ئەتەوێ ( ٧٠ ) ساڵ لە ئاگرى دۆزەخ دووربكەويتەوە ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ صامَ يوماً في سبيل الله بَعُدَ اللهُ وجهه عن النار سبعين خريفاً )) البخارى .

واتە : هەر كەسێك يەك رۆژ لە پێناوى خودا بە رۆژوو بێت ئەوا خواى گەورە (٧٠) ساڵ لە ئاگر دوورى دەخاتەوە

٧. ئەتەوێ پلەت بەرز بێتەوە ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( وما تواضع أحد لله إلا رفعه الله عزوجل )) ( مسلم ) واتە : هەر كەسێك لەبەر خاترى خوا خۆى بە گەورە نەزانێ ئەوا خواى پەروەردگار پلەى بەرز دەكاتەوە .

٨. ئەتەوێ خواى پەروەردگار رەحمت پێ بكات ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ صَلّى عليَّ صلاة صلى الله عليه بها عشراً )) ( مسلم ) .



واتە : هەر كەسێك ( صەڵاواتێك ) لەسەر من بدات ئەوا خواى پەروەردگار ( ١٠ ) صەڵاواتى لەسەر دەدات .(صەڵاواتى خودايش بۆ بەندەكانى بريتى يە لە سۆز و بەزەيى و رەحمەتى خودا).

٩. ئەتەوێ خواى پەروەردگار لە تاوانەكانت خۆش بێت ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ قال سبحان الله و بحمده في يوم مائة مرة حطت خطاياه و ان كانت مثل زبد البحر )) ( متفق عليه )

واتە : هەر كەسێك لە رۆژێكدا ( ١٠٠ ) جار بڵێ ( سبحان الله و بحمده ) ئەوا خواى گەورە لە تاوانەكانى خۆش دەبێت ئەگەر چى بە وێنەى كەفى سەر دەرياش بێت .

١٠. ئەتەوێ خوا بەرەكەت بخاتە رۆزيتەوە و تەمەنيشت درێژ بكات ؟

قال رسول الله (ﷺ) ((مَنْ سَرَّهُ أَن يبسطَ له في رزقه وأَن يَنْسأَ له في أَثره فليصل رحمه )) البخاري .

واتە : هەر كەسێك پێى خۆشە كە رۆزى زياد بكات و تەمەنى درێژ بێت با پەيوەندى خزمايەتى بگەيەنێ .

١١. ئەتەوێ لە خواى پەروەردكار نزيك بيتەوە ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( أَقربُ مايكون العبد من ربه وهو ساجداً فأكثروا الدعاء ))واتە : نزيكترين كاتێك كە بەندە تيايدا لە پەروەردگاريەوە نزيك بێت كاتى كڕنووش بردنە دەى پاڕانەوەى زۆرى تێدا بكەن .

١٢. ئەتەوێ پاداشتى شەو نوێژت دەست بكەوێت ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ صَلَّى العشاء في جماعة فكأنَّما قام نصف الليل و مَنْ صَلَّى الصبح في جماعة فكأنَّما قام الليل كله )) ( مسلم )

واتە : هەر كەسێك نوێژى شێوان ( عيشا ) بە كۆمەڵ ئەنجام بدات ئەوا وەك ئەوە وايە تاكو نيوە شەو شەونوێژى كردبێت ، وە هەر كەسێك نوێژى بەيانى بە كۆمەڵ ئەنجام بدات ئەوا وەك ئەوە وايە ئەو شەوە بە تەواوەتى شەونوێژى كردبێت .

١٣. ئەتەوێ لە دوای مردنت پاداشتت پێ بگات ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( إِذا ماتَ ابن آدم إِنقطع عمله إِلاَّ مِنْ ثلاث صدقة جاريةٌ ، أَو علم ينتفع به ، أَو ولد صالح يدعو له )) واتە: ئەگەر مرۆڤ وەفاتی کرد ئەوا کردەوەکانی ڕادەوەستێنرێت و زیاد ناکات تەنها لە سێ بواردا نەبێت ئەویش خێرێکی بەردەوام ( الصدقة الجارية ) وەك دروست کردنی مزگەوت و پردو ...... کە دوای مردنی خاوەنەکەی خەڵکی لێی سوود مەند بن ، یان زانستێك سوودی لێ وەربگیرێ ، یان وەچەیەکی چاکەکار کە دۆعای خێری بۆ بکات .

١٤. ئەتەوێ بە قورسایی شاخەکان چاکە و خێرت دەست بکەوێت ؟ قال رسول الله (ﷺ) (( مَنْ شَهِدَ الجنازة حت ى يصلى عليه فله قيراط و مَنْ شهدها حتى الدفن فله قيراطان قيل وما القيراطان قال مثل الجبلين العظيمين )) واتە : هەر کەسێك نوێژ لەسەر مردوویەك بکات ئەوا پاداشتی ( قيراط ) ێکی دەست دەکەوێت وە هەر کەسێك دوای بکەوێت تاوەکو دەینێژن ئەوا پاداشتی دوو ( قيراط ) ی دەست دەکەوێت . پرسیار کرا ( قيراطان) چی یە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : وەکو دوو شاخی قورس وایە .

١٥. ئەتەوێ پاداشتی ( تێکۆشەرێکی پێناوی خوا یان ڕۆژوانێك یان ئەو کەسەی شەونوێژ دەکات ) بە دەستی بهێنی ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( الساعي على الأَرملة و المسكين كالمجاهد في سبيل الله و أَحسنه كالقائم لايفترو كالصائم لايفطر )) ( متفق عليه )

واتە : ئەوەی بێوەژن و هەژاران بە سەر دەکاتەوە هاوشێوەی خەباتکارێکە لە پێناوی خوا وە هاوشێوەی ئەو کەسەیە کە شەو نوێژ دەکات وە کۆڵ نادات وەهاو شێوەی ڕۆژووانێکە کە بەردەوام بە ڕۆژووبێت .

١٦. ئەتەوێ پاڕانەوەت ( دوعا ) وەڵام بدرێتەوە ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( الدعاء لا يرد بين الأَذان و الإِقامة )) ( ابو داود ) . واتە : پاڕانەوەی نێوان بانگ و قامەت ڕەت ناکرێتەوە .



١٧. ئەتەوێ ڕەزامەندی خوا بە دەست بهێنیت ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( إِنَّ الله ليرضى العبد أَنْ يأَكُلَ الأَكلة فيحمده عليها أَو يشرب الشربة فيحمده عليها )) ( مسلم )

واتە : خوای پەروەردگار ڕازییە لە بەندەیەك کە خواردنێك بخوات سوپاسی خوا بکات یان کە خواردنەوەیەك دەخواتەوە سوپاسی خوادەکات .

١٨ . ئەتەوێ پاداشتی ( حەجێك ) بە دەست بهێنیت ؟

قال رسول الله (ﷺ) ( العمرة في رمضان تعدل حجة او حجة معي )

واتە : عەمرەیەك لە مانگی ڕەمەزاندا هاو شێوەی حەجێکە لەگەڵ مندا واتە (پێغەمبەر ﷺ)

١٩. ئەتەوێ هەموو قورئان لە چەند خولەکێکدا بخوێنیتەوە ؟

قال رسول الله (ﷺ) (( قُل هو اللهُ احد تعدل ثلث القرآن)) (مسلم )

واتە:خوێندنەوەی( قل هو الله احد ) هاو شێوەی سێ بەشی قورئانە

## لە کۆتایدا

داوام لە پەروەردگارە کە دڵسۆزم بکات بۆ ئایینە پیرۆزەکەی وە بۆ ئەوەی تۆش بێبەش نەبی لەم خێرە و بە ئەندازەی نوسەر خێرت بگات بیخوێنەوە و پاشان بیدە دەستی یەکێکی تر با بیخوێنێتەوە یان هاوکاری بکە لە بلاو کردنەوەی چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " الدَّالُ عَلَى الْخَيْرِ كَفَاعِلِهِ " صحيح الجامع الصغير : ٣٣٩٩ ، واتە : ئەو کەسەی کە چاکەیەك بە کەسێك پیشان بدات ، وەکو ئەوەیە کە خۆی ئەنجامی دابێت .

==============================

ئامادەکردنی : پێشڕەو محمد

**بۆ دەستکەوتنی هەر کتێب و نامیلکەیەك ی نوێ سەردانی ﴿ سایتی بەهەشت﴾ بکە**

**www.ba8.org**

ژمارەی سپاردنی (٨٧٩)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە



زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز ٢٦

# بەهەشت چاوەڕێتە

**گەر دەتەوێ :**

**لە شنەی بای فێنکی بەهەشت بێ بەش نەبیت .**

**لە خوڕەی ئاوی سازگاری بەهەشت بێ بەش نەبیت .**

**لە سەوزایی و جوانی بەهەشت بێ بەش نەبیت .**

**لە بۆن و بەرامەتی بەهەشت بێ بەش نەبیت .**

**لە حەوانەوە و ئارامی بەهەشت بێ بەش نەبیت .**

**لە دیداری خوای پەروەردگار بێ بەش نەبیت .**

**لە ژیانی پڕ خۆشی پەنای حۆریەکان**

**فەرموو ... بەهەشت چاوەڕێتە**

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**